**دیارە ئەوە مەبەست لەناوچەکانی ماددەی (١٤٠)ی دەستوورە. ئەو قسەیە دوو خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، دەکرێت مەبەستیان ئەوە بێت کە ئێمە ئامادەی ڕێکەوتنین لەگەڵتان سەبارەت بەو ناوچانە،**
**لەوانەشە مەبەست ئەوە بێت کە ئێمە دەتوانین نەهێڵین ئەو ماددەیە جێبەجێ بکرێ ئەگەر لەگەڵ لایەنی تردا ڕێک بکەون**

# "پرۆسەی سیاسی لەعێراق بەبێ کورد بەرەوپێش ناچێت"

## "ئەو کێشانە، کە کورد لەگەڵ ناوچە جێناکۆکەکاندا هەیەتی لیستی (عێراقیە) تیایدا باڵادەستە"

ڕاپۆرتی: شەنکار عەبدوڵا

لەئێستادا لیستی فراکسیۆنە کوردییەکان خەریکی گفتوگۆو دانوستانی پێکهێنانی حکومەتی عێراقن، لەم نێوەندەشدا بەرنامەی خۆیان هەیە، هەرچەندە هەتا ئێستا نەگەیشتونەتە ڕێکەوتن، بەڵام بە وتەی ئەندامانی شاندی دانوستاندی لیستە کوردییەکان ئاماژەکان بەرەو باشی دەچن‌و کوردیش ئامادە نییە سازش لەبەرژەوەندی نەتەوەی کورد بکات.

دیندار نەجمان دۆسکی ئەندامی سەکردایەتی یەکگرتوو لەشاندی دانوستانی فراکسیۆنە کوردییەکان لەبارەی ئامانجی فراکسیرنە کوردییەکان وتی "هەمو لیستەکان لەئێستادا خەریکی سەردانی یەکترین، بۆ ئەوەی بۆچوون‌و باری سەرنجی یەکتری بزانن، ئێستا خشتە دانراوە، لیستی عێراقییە هاتوون بۆ سەردانی ئێمەو شاندێکی وەحدەی عێراقیش داوای دیداریانکردووە، ئێستا بڕیارە ئێمە داوا لەلایەنەکانیتر بکەین‌و هەموشیان ئامادەن بۆ ئەوەی لەگەڵیان دانیشین‌و زۆربەی لایەنەکانیش چاوەڕوانی زانینی هەڵوێستی لیستە کوردستانییەکانن‌و بەپێویستی دەزانن دانیشتن لەگەڵ ئێمە بکەن".

دەربارەی پێکهێنانی حکومەت‌و دیاریکردنی سەرەک وەزیران دۆسکی ئەوەشی وت "ئێستا بۆچوونەکان لەسەر تەفسیرو لێکدانەوەی مادەی (٧٦)ی دەستوور جیاوازە، لەسەر ڕاسپاردنی کەسێک بۆ پێکهێنانی حکومەت‌و وەرگرتنی سەرۆک وەزیرانی عێراق‌و کوتلەی یەکەم، عێراقییە دەستی بەوەوە گرتوە کە خۆی حکومەت پێکبهێنێت، لیستی بەرامبەریش دەڵێن: کوتلەی زۆرینە ئێمە پێکمان هێناوە، هەردو لایەنەکەش پاساوی قانونی خۆیان هەیە، بۆ ئەو تەفسیرە، هاوپەیمانی نیشتمانیش کە لەهەردو ئیئتلافەکە (دەوڵەتی یاسا- نیشتیمانی عێراق) پێکهاتوە، ئەوانیش خیلافاتیان هەیە لەسەر میکانزمی دەستنیشانکردنی کەسێک بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق‌و ڕێکنەکەوتون، ئیتلافەکە سەرۆکی کوتلەیان دیاری نەکردوە ئێستاش ئەو کێشەیە بەردەوامەو ئەگەری ئەوە هەیە زۆر بخایەنێت".

دۆسکی ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کورد واقیعەو پێکهاتەیەکی سەرەکیی عێراقەو بێ ئەو حکومەت دروست ناکرێت‌و هاوسەنگیی ڕاناگیرێت، پرۆسەی سیاسی بە بێ کورد بەرەوپێش ناچێت.

زانا ڕۆستای ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی‌و ئەندامی شاندی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، لەبابەتیکیدا نووسویەتی بەناوی (ئێمەو لیستی عێراقییە)، دەڵێت "ئەوەی من لێرە مەبەستمە لیستی (عێراقیە)یە، کە من لەدانیشتنی یەکەمیدا بەشداربوومو هەندێ قەناعەتی پێشوەختەم هەبوو دواتر زیاتر ئەو ڕاستییانەم لەلا ڕۆشن بووەوەو دڵنیاتر بووم لەو قەناعەتانەم سەبارەت بە ئاییندەی پەیوەندی نێوان کوردو لیستی (عێراقیە)، ڕاستییەکی گرنگ هەیە سەبارەت بەو لیستە دەبێ بیزانین ئەویش بریتییە لەدابەشبوونی جوگرافی پێگەی جەماوەری لیستەکە، کە ئاشکرایە لەکەرکووکو موسڵ‌و دیالەو سەلاحەددین چڕ بوونەتەوە، وێڕای بەغدای پایتەخت، ئەو شوێنانە لەڕووی جوگرافییەوە دەکەونە سەر سنووری ئیداریی هەرێمی کوردستان‌و سەرجەم ناوچە جێناکۆکەکانی ماددەی (١٤٠)ی تایبەت بە کورد دەکەونە ناو ئەو پارێزگایانە، بە واتایەکی تر ئەو کێشانەی کورد هەیەتی لەگەڵ ئەو ناوچانەیە کە لیستی (عێراقیە) تیایدا باڵادەستە".

ئەو ئەندامەی شاندی هاوپەیمانی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، دەنوسێت "بۆیە لەو کۆبوونەوانەدا لیستەکە هەندێ ئاماژەی مانا بەخشیان بە شاندی کوردیدا، وتیان: هەر شتێک ئێمە لەسەری ڕێک بکەوین ئەوا دڵنیابن کە دەتوانین جێبەجێی بکەین، بەڵام ئەگەر لەگەڵ خەڵکیتر لەسەریشی ڕێک بکەون ئەوا ئەوان ناتوانن بۆتان جێبەجێ بکەن، چونکە شتێک لەدەستی ئەواندا نەبێت ناتوانن بیدەن بە کەس!!، دیارە ئەوە مەبەست لەناوچەکانی ماددەی (١٤٠)ی دەستووره. ئەو قسەیە دوو خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، دەکرێت مەبەستیان ئەوە بێت کە ئێمە ئامادەی ڕێکەوتنین لەگەڵتان سەبارەت بەو ناوچانە، لەوانەشە مەبەست ئەوە بێت کە ئێمە دەتوانین نەهێڵین ئەو ماددەیە جێبەجێ بکرێ ئەگەر لەگەڵ لایەنی تردا ڕێک بکەون".

لەلایەکی ترەوە سەردار عەبدوڵلا ئەندام پەرلەمان لەسەر لیستی گۆڕان لەشاندی دانوستاندنکاری ئیئتلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان دەربارەی کارەکانی شاندی دانوستان وتی "لەدانیشتنەکەماندا لەگەڵ لیستی ئیئتلافو لیستی دەوڵەتی یاسا باسی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان‌و جێبەجێنەکردنی مادەی (١٤٠)و کێشەی پێشمەرگەمان کردو، هەڵوێستێکی ئیجابیان هەبو بەرامبەر داخوازیەکانمان".

وتیشی "لەبەرامبەردا نوری مالیکی سەرۆکی لیستی ئیئتلافی دەوڵەتی یاسا ئەوەی وت کە چی لەتوانایاندا بوبێت لەماوەی ڕابوردودا وەک سەرۆکی حکومەت جێبەجێی کردوە".

سەردار عەبدوڵلا ئاماژەی بەوەشکرد، کە شاندی ئیئتلافی لیستە کوردستانییەکان کۆبوونەوەیەکی ناوخۆیی لەبەغدا ڕێکدەخاتو لەشێوەی هەڵسەنگاندێک، تاوتوێی بارودۆخی ئێستای عێراق‌و ئەنجامی ئەو چاوپێکەوتنانە دەکات کە لەماوەی ڕابردودا شاندەکە خۆیان ئەنجامیانداوە، هەر لەکۆبونەوەکەدا بڕیارە بە بەرنامەی کاری دانوستانەکاندا بچینەوەو ڕێوشوێنیش دەستنیشان بکرێت بۆ ئەو لیژنە هاوبەشانەی بە مەبەستی وتوێژ لەگەڵ لیستەکانی تری ناو عێراق لەناو وەفدەکە دروستکراوە.

سەردار عەبدوڵڵا ئەوەشی خستەڕو کە لەهەفتەی داهاتودا چەند کۆبوونەوەکمان دەبێتو وەفدەکە لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی دانیشتنێک ڕێکدەخاتو پێشبینیش دەکرێت لەو دانیشتنەدا بەتایبەت ئەنجامێکی ئەرێنی دەستبخرێت.



کورد تاکو ئێستا بە پێداگرییەوە داوای مافەکانی خۆی لەبەغداد دەکات

# "لەبەر عەلەفەکان‌و خەڵکی بازرگان، گەنم وەرگرتن بەر جوتیارەکان ناکەوێت"

## "لەگوندی شوشکە (٢٢٠) تەن گەنم ڕادەستکرا، بەڵام ئێمە وەکو گوندی شوشکە ئەو کات یەک گوڵە گەنمان نەدووریبووە"

ئا: عەبدولڕەحمان ڕەسوڵ

لەهەموو بۆنەکاندا هەم لایەنی حزبی‌و هەم لایەنی حکومەت زۆر بەشان‌و باڵی جوتیاران‌و ڕەنجدەرانی کوردستاندا، بەڵام لەقۆناغی ئێستادا جوتیاران‌و ڕەنجدەرانی کوردستان لەکاتی چنینەوەی بەرهەمەکانیان ڕووبەڕووی چەندین گرفتو کێشەی جۆراوجۆر بوونەتەوە، یەکێک لەناوچەکان بیتوێن‌و پشدەرە، کە زۆرترین بەرهەمی ئێستایان دانەوێڵەیەو حکومەت دەیکڕێتەوە لەجوتیاران، بەڵام لەکاتی وەرگرتنی بەروبوومی جوتیاراندا، جوتیاران لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕووبەڕووی چەندین کێشە بوونەتەوە. ئەمەش بە شێک لەڕەخنەو گلێی جوتیاران لەبیتوێن‌و پشدەر لەبەرامبەر وەرگرتنی بەرهەمەکەیان کە بۆ ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی خستویانەتە ڕوو.

قادر محەمەد قادر یەکێکە لەو جوتیارانە، کە خەڵکی گوندی بۆسکێنەو لەبەردەم شوێنی وەرگرتنی گەنم‌و جۆ لەگوندی گردجان وەستاوە گوتی "وەکو جوتیار کێشەمان ئەوەیە، لەبەر عەلەفەکان‌و خەڵکی بازرگان، گەنم وەرگرتن بەر جوتیارەکان ناکەوێت، دەچن گەنم لەکەرکوک دێنن‌و لێرە دەیدەن بە شوێنی وەرگرتنی گەنم‌و جۆ لەگردەجان دەکەن، بەڵام جوتیاری قوڕبەسەریش هەر وەسڵیش وەرناگرێت. هەموو بازرگانەکان کە گەنمەکە ڕادەست دەکەن لەکاتی پشکنیندا دەرەجەی باشیان بۆ دێتەوە. ئەگەر شەریک نەبن ئەمە چۆن دەبێ وابێ؟".

ئەو جویتارە باسی ئەوەشیکرد کە دوو شەو لێرە دەمێنینەوە بۆ تەنها (٤) تەن گەنم، هەر شەوەی (٧٥٠٠٠) هەزار دینار لەسەر جوتیار دەکەوێ، کەی ئەوە ئیشە!، ڕۆژی بیست سەیارەی بەڕێ دەکەن. داوادەکەم ئەو لیژنەیە بێنە دەرەوە بابزانن کێ جوتیارە با کار بۆ جوتیارەکە بکەن، هەتا جوتیار هەبێ با کاری لەو جۆرە بۆ بازرگانی نەکەن.

یەکێکیتر لەو جوتیارانە ناوی ئاراز عومەر عەزیز خەڵکی شوشکەیەو بە ئاڵای ئازادیی وت "کێشەمان ئەوەیە لەبناری کۆسرەت لەگوندی شوشکە (٢٢٠) تەن گەنم ڕادەستکرا، بەڵام ئێمە وەکو گوندی شوشکە ئەو کات یەک گوڵە گەنمان نەدووریبووە، بۆیە شکاتمان کردووە، هەتا ئێستا هیچ ئەنجامێکی نەبووە. ئەو گەنمەی کەلە سەر گوندی شوشکەی ڕادەستکراوە لەکەرکوکەوە هێنابوویان، دیارە شەریکن دەنا گەنم نەدروێتەوە چۆن ئەمە دەکرێ".

هەروەها یەکێکیتر لەو جوتیاران کە ناوی حەسەن ئەسعەد ڕەسوڵ خەڵکی گوندی بۆسکێن بوو وتی "کێشەمان یەکجار زۆرە، ئێمە ماوەی چوار ڕۆژە لێرەین، ئیشەکە زۆر، هێواشەو ڕۆژانە زۆر کەم سەیارە دەچنە ژوورێ. لە مەخمور ڕۆژانە پەنجا بۆ شەست سەیارە پشکنینی بۆ دەکرێ، بەڵام لێرە ڕۆژانە پانزە بۆ بیست سەیارە پشکنینی بۆ دەکرێ. هەروەها ڕەتکردنەوەش یەکجار زۆرە. جوتیار زۆر زەرەرمەند دەبێ، هەروەها چوار شەوە چاوەڕوانین‌و هەر شەوەی (٥٠٠٠٠ ) بۆ (٧٥٠٠٠) هەزار خەرجی دەکەوێتە سەرشانی جوتیار، بۆیە جوتیار هیچی بۆ نامێنێتەوە".

هاوکات شوفێرانیش کە بار بۆ جوتیارەکان دەگوێزنەوە تاکو بەرو بوومی جوتیارەکان بگەیننە گوندی گردەجان، کە شوێنی پشکنینەکەیە، ڕوبەڕووی چەندین کێشەی جۆراوجۆر بوونەتەوە، یەکێک لەشوفێرەکان بەناوی ئەیوب محەمەد مەحمود خەڵکی قەڵادزێ بەئاڵای ئازادیی وت "کێشەمان زۆرە لەبەرئەوەی سەیارەیەکی زۆر لێرە کۆبۆتەوە، کە بۆتە بارگرانییەکی گەورە، ماوەی سێ ڕۆژە لێرەم، شەویش دەبێ لێرە بمێنینەوە، شوێنەکەمان زۆر ناخۆشە، ئێرە جادەی گشتییەو زۆر قەرەباڵغە، ئەگەر ڕووداوێکی هاتووچۆ یاخود هەر ڕووداوێکی تر ڕووبدات لەوانەیە خەڵکی زۆر تێدابچێت".

ئەو شۆفێرە باسی ئەوەشیکرد کە ئەم ناوچەیە پێویستی بە ئاگر کوژێنەوەیەک هەیە پێویستە بەردەوام لێرەبێت بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەگەری هەر ڕووداوێک کە ڕوویدا، چونکە هەر ئاگرێک بکەوێتەوە چەندین سەیارە دەسوتێ، بەداخەوەش لەژوورەوە ئیشەکە زۆر بە هێواشی دەڕوات، پارە درەنگ دەدرێت.

هەروەها یەکێکیتر لەشوفێرەکان بە ناوی کارزان جونەت عەبدوڵڵا وتی "پێویستە حکومەت ڕێگایەکیتر لەو دیو بکاتەوە، بۆ ئەوەی سەیارەکان‌و هەم ماڵی خەڵکی لەمەترسیدا نەبێ‌و گیانی کەس نەکەوێتە مەترسییەوە".

کارزان جونەت باسی ئەوەشیکرد کە لەسەرە گرتنەکەدا فێڵێکی زۆر دەکرێت. کارمەندەکانی کشتوکاڵ چەندین خروقات دەکەن، کە گەنم بە هەندێ جۆر دەبەنە ژوورەوە، بەڵام کۆمەڵە کەسێکیتر بە چوار تا پێنچ ڕۆژ سەرە دەگرن گەنمەکەیان بۆ ناچێتە ژوورەوە، مافی کۆمەڵێکی زۆر لەخەڵک دەخورێت. بە چەندین سەیارەی تڕێلە بە گۆڵ دەڕواتە ژوورەوەو چەندینجار شتی وام بینیووە.

کارزان جونەت لەدرێژە ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە بۆ خۆم لەگەڵ شوفێرێکیتر بە ناوی کاک ڕەسوڵ سێ ڕۆژ گیراین‌و تەنها لەبەرئەوەی بە شوفێری تڕێلەیەکەمان گوت تۆ سەرەی خۆت بگرەو مەچۆ ژوورەوە، بڕۆ وەک ئەو خەڵکە سەرەی خۆت بگرە، لەوەڵامدا گوتی باری کارمەندی کشتوکالم پێیە. بەبێ هۆ ئێمەیان گرت تەنها لەبەرئەوەی گوتمان وەکو ئەو خەڵکە سەرە بگرە، کێشەی زۆریان بۆ ساز کردین پاش سێ شەوو سێ ڕۆژ ئینجا لەلایەن پۆلیسەوە بەر دراین.

سەبارەت بەم کێشانە ڕۆژنامەنووسان مۆفەق میراودەلی کە لەوێ ئامادەبوو گوتی "ئەوەی کە تێبینی دەکەم ڕێکخستنی کات نییە لەچۆنیەتیی وەرگرتنی گەنمدا، بۆ نمونە جۆتیاری وا هەیە ماوەی سێ تا چوار ڕۆژ لێرەیە تا ئێستا نەی توانیوە پشکنینی گەنمەکەی بۆ بکرێت. پێویستە ڕۆژانە دیاری بکرێ چەند کەس وەردەگیرێت، شێوەی وەرگرتنەکەی زۆر هێواشە. جوتیار کە دەمێنێتەوە هەموو شەوێک (٥٠٠٠٠) بۆ (٧٥٠٠٠) هەزار دینار دەکەوێتە سەر جوتیار ئەمە بۆ جوتیار زۆرە.



جوتیارەکان‌و شۆفیرەکان لەسەر ئەم جادە گشتییەدا چەند شەو ڕۆژ چاوەڕوانی ڕادەستکردنی گەنمەکانیان دەکەن